## جەلیل بەسری /

# مردنی قاعیدە.. ئایا ئێران رۆڵی لە زیندووکردنەوەیدا دەبێت؟

بە پێی بۆچوونی چاودێرانی سیاسی قاعیدە کۆتایی هاتو کوژرانی بن لادنیش بانگەشەی فەرمی مەراسیمی لەناوچوونی قاعیدەیە، هاوکات مەیدانی ئازادی لەقاهیرە سەرەتای هەڵدێر بوو بۆ قاعیدە کە لە تونسەوە سەری هەڵداو بە چەندین خۆپیشاندانی جەماوەریی گەنجان ولاتانی عەرەبی گرتەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی بەشێوەیەکی هێمنانە رژانە سەرشەقام و داواکاریەکانیان بەرزکردەوە قاعیدە پاساوی مانەوەی لەناوچەکە لەدەست دا بەوەی رێکخراوێکی تۆڵەستێنی مافیایی توندڕەوە کە سەرکوتکردنەکانی رژێمە عەرەبییەکانو ولاتانی رۆژهەلاتی ناوین فاکتەری سەرەکی سەهەڵدانی بوون .بزوتنەوەی جەماوەری عەرەبی رۆڵی تەواوی گێرا لە رووخاندنی کاریزمای کەسایەتیەکانو حیزبەکانو ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەیی‌و بزووتنەوە سیاسیەکان کە قاعیدە نموونەیەکی نەخوازراوی ئەو بزووتنەوەیەو هیچ ئایدیۆلۆژیاو رێکخراوی فیکری سەردەمیانەی لەخۆنەگرتوەو بەشێویەکی نهێنی کارەکانی ئەنجامدەداتو هەموو ئامانجێکی تێکدانی ژێرخانی میللەتانە .

نەمانی بن لادن یەکەم هەنگاو بوو، بەڵام هەنگاوی دووەم ئاشکراکردنی رۆڵی ئێرانە کە بۆتە مۆڵگەو پردی پەڕینەوەی تیرۆستان لەرۆژهەلاتەوە بۆ ناوچەکەو هەر یەك لەئەفغانستانو پاکستان لەرێگەی قاعیدەوە بەولاتانی عەرەبیەوە دەبەستێتو لەبەرانبەریشدا سوریا هاوپەیمانی یەکەمیەتی کە یارمەتی داراییو لۆجستی دەگەیەنێتە دارو دەستەکانی ئێران لەلوبنان .

ئاشکرابوونی بەڵگەنامەو زانیارییەکان سەبارەت بە جموجوڵەکانی فەیلەقی قودس لەلایەن ئەو هێزانەوە کە بن لادنیان لەناوبرد ئاماژە بەتێوەگلانی تاران دەدن لەپاڵپشتیکردنی قاعیدەو هاوکات ئاشکرایانکرد کە سەرانی قاعیدە ئێرانیان کردۆتە مۆڵگەیەکی ئاسوودە بۆ کارەکانیان و چۆنیەتی پەیوەندیەکانی نێوان فەیلەقی قودسو رێکخستنی کارەکانی قاعیدە لەناو خودی ئێراندا بەوەی چەندین سەربازگەی مەشقو چالاکیو مانەوەیان لەو خاکەدا کردۆتەوەو حاکمەکانی ئێران خاکەکەی خۆیان کردۆتە مەیدانی چالاکی قاعیدەو ئیسلامیە توندڕەوەکانی تر .

کوژرانی بن لادن بەڵگەی تەواوی بالادەستی هێزەکانی هەواڵگری بنبرکردنی تیرۆرە لەجیهاندا. دوای ماوەیەکی کەم یان زۆر نهێنی سەرکەوتنەکانی ئەو هەواڵگریانە ئاشکرا دەبێت لەچۆنیەتی لەناوبردنی بن لادندا کە توانی لەرێگەی جۆراو جۆرەوە بگاتە سەرکردایەتی قاعیدەو گەورە رەمزەکانی ئەو بزووتنەوە توندڕەوە لەناوبەرێت. هاوکات کوژرانی بن لادن سەرەتایەکی سامناکە بۆ ململانێی نێوان هەردوو رەوتی عروبیەتو رەوتی ناوچەیی کە ئێران بە کۆمەکداری ئەفغانستانو ولاتانی کەنداو لەناوچەکە پیادەی دەکات، جگە لەو رکابەریە بەرتەسکانەی کە بەمەبەستی گەیشتن بە پۆستەکەی بن لادن کە تا ئێستا هەموو لەسەر ئەوە هاوڕان کە کەس توانای گەیشتنی بەو کەسایەتییە کاریزمایە نییە لە ناوچەکەدا بەوەی خاوەن ئەزموونو کەسایەتیەکی بێ هاوتایە لەرەوتو بەرێوەبردنی قاعیدە کە لەبنەڕەتدا عەبدولا عەزامی کەسایەتی غەیرە جیهادی پلانی بەمەبەستی دامەزراندنی داڕشتووە، هەر ئەم رکابەریەش هۆکاری سەرەکی لەناوبردنی بن لادن بوو .

به پێی زانیارییه بەراییەکانی ڕاپۆرتەکانیش چەندین کەسایەتی عەرەبی لە قاعیدە خۆی بۆ ئەو پۆستەی بن لادن ئامادەکردوە وەك ئەبو یەحیا لیبیو جەمال موسراعیو ئەیمەن زەواهیریو ئەبو قەتادەو .. هتد. کە زۆربەیان لەناو سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە کاربەدەست بوونەو ماوەی چەندین ساڵ لەئێراندا ماونەتەوە پاشان گوازراونەتەوە بۆ ئەفغانستان وەك جەمال موسراعی کە بە پێشەوای ئەرکی ڕاگەیاندن و ئەنترنێتی قاعیدە ئەژمار دەکرێت .

ڕەنگە ئێران لەدوای بەربڵاوی خۆپیشاندانەکانی سوریاو تێکچوونی شیرازەی هاوپەیمانە بەهێزەکەی لە ناوچەکەدا پێشوەخت درکی بە سامناکی بارودۆخەکەی خۆی کردبێت کە ئەگەری سەرهەڵدانی سامناکی گەورەش بەسەر حزبوڵاوە جێدەهێڵێت، هەر بۆیە پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە کە گوایە فڕۆکەی ئیسرائیلی وەك ئامادەگییەك بۆ لێدانی ئێران لە بنکە ئاسمانیەکانی عێراقدا دانراوە، هەر ئەم بانگەشەیەش کە دوورە لە لێکدانەوەی لۆجیکیەوە هەموو لایەنەکان ڕەتیانکردەوە چونکە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق وئەمریکاو ئیسرائیل هیچ پەیوەندیەکی بەچۆنیەتیەکانی ئەو ڕووداوانەوە نیە کە ئێران بانگەشەی بۆ دەکات .

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئێران ئەگەر دەستی پێنەکردبێت بەنیازە پاشماوەکانی قاعیدەی سەر بە ڕژێمەکەی خۆی لەناو عێراقدا بخاتەگەر بەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکەنو لەڕووی عەرەبیو ئیسلامیەوە سەرکردایەتیەکەی لەڕووی ئایدیۆلۆجیەوە سەر لە نوێ بدرێتەوە بە عەبدوڵا عەزام کە لەسەر هەمان شێوازی بن لادنو کارە مەیدانیەکەی بەردەوام بێتو تەڕو وشك پێکەوە بسووتێنێت کە لە ئاکامدا مەسەلەکە بە ڕەوشێکی نالەبارو ئاڵۆزدا بەڕێوەبچێت و لە بەرژەوەندی ئێران بکەوێتەوە .ڕەنگە لەدوارۆژی نزیکو دووردا دەرکەوێت دەستێوەردانەکانی قاعیدە لە عێراقو ئاڵۆزکردنی بارو دۆخەکەو شەڕی تایفی لەمیسرو پاڵپشتیکردنی ڕژێمی سوریاو چەندین گرفتی تری ناوچەکە ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەربخات کە ئێران بە ئەنجامدانی ئەم هەموو تاوانانە تێوەگلابێت .

ئەگەر تێوەگلانەکانی ئێران لەناوچەکە بەجوانی ئاشکرابکرێت کە هەماهەنگی تیرۆردەکات ناوی دەخرێتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی پاڵپشتی تیرۆر دەکەنو بەو چارەنووسەدا دەڕوات کە هەر یەك لە هەردوو ڕژێمی عێراقیو ئەفغانی پێیدا تێپەربوون و بە ئاکامی ڕووخاندن تەواو بوون.

30/5/2011